Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10223

# ناصرەدین محەمەد کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆ و ڕۆڵی لە پشتگیری و جێگیرکردنی دەسەڵاتی صەڵاحەدین لە وڵاتی شام (564 – 581ک)

**آکو حیدر أکبر ، عطا عبدالرحمن محيي الدين**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، کوردستانی هەرێمیعێراق

**پوختە:**

ناصرەدین محەمەد کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆی کوڕی شادییە ، لەدوای مردنی باوکی لە ساڵی (564ک) وەك تاکە میراتگری مایەوە، لە لایەن نورەدین مەحمود زەنگییەوە ناوچەکانی حمص و رەحبە و ناوچەکانی ئیقتاعی شێرکۆی پێدرا، بەڵام دوای چەند مانگێك لە مردنی شێرکۆ نورەدین مەحمود سەرجەم ناوچەکانی ناصرەدین وەرگرتەوە . هەربۆیە ناصرەدین محەمەد لە نێوان ساڵانی (567 – 569ک) بە ماڵەوە ڕۆشتوەتە میصر، کە لەو کاتە سەر جەم ئەندامانی بنەکاڵەکەی لە میصر بوون ، و لە دوای مردنی نورەدین مەحمود ، صەڵاحەدین لە ساڵی (570ک) دەستی بەسەر زۆربەی وڵاتی شامدا گرت و لەم نێوەندەدا حمص وسەرجەم ناوچەکانی پێشوتری گەڕاندەوە بۆ ناصرەدینی ئامۆزای . لەوە بەدوا ناصرەدین لە زۆربەی هەڵمەت و چالاکییە سەربازییەکانی صەڵاحەدیندا بەشدار بووە و یەکێك بووە لە سەرکردە سەربازییە کاریگەرەکانی صەڵاحەدین .

ناصرەدین لە هەرسێ هەڵمەتی سەر شاری موصڵ بەشدار بووە و پارەی داوەتە صەڵاحەدین بۆ ئەوەی موصڵی پێببەخشێت لە کاتی دەسبەسەراگرتنیدا، هەروەها هەوڵی ئەوەی داوە دەسەڵات وەربگرێت و خۆی لە صەڵاحەدین بە شایستەتر زانیوە و تەنانەت لە ساڵی (581ک) کاتێك صەڵاحەدی توشی نەخۆشییەکی سەخت بوو ، ناصرەدین بەپەلە خۆی گەیاندە حمص و بەڵێنی لە ئەمیر و سەرکردەکان وەرگرت، کە پشتگیری بکەن بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی صەڵاحەدین لە کاتی مردنیدا، تەنانەت بەشێك لە دیمەشقییەکانیش خۆیان گەیاندە لای و بۆ هەمان مەبەست بەڵێنیان پێدا ، بەڵام ناگاتە ئامانج و بەشێوەی کتو پڕ و گوماناوی لە شەوی جەژنی قوربانی هەمان ساڵدا خۆی کۆچیی دوایی دەکات. بۆیە هەندێك لە مێژوونوسان صەڵاحەدین بەکوشتنی تاوانبار دەکەن، چونکە هەوڵی ئەوەی داواە کورسی دەسەڵات وەربگرێت. ناصرەدین لە دوای خۆی تەنها کوڕ و کچێکی بە جێهێشت.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ناصرەدین محەمەد، صەلاحەدینی ئەیوبی، هەوڵی ناصرەدین بۆ دەسەلات، حمص، شام

***Corresponding Author***

## پێشەکی

لاپەڕەکانی مێژووی کورد پڕن لە کەڵەپیاو و کەسایەتی ئازاو شۆڕەسواری لێهاتوو، بەڵام زۆر جار مێژوو زوڵمی لێکردون و مێژوونوسان کەمترینیان لەسەر نوسیون ، یەکێك لەو سەرکردە لێهاتوو و شۆڕە سوارە بلیمەتانە ناصرەدین محەمەدی کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆی کوڕی شادیی بووە، کە کەسایەتییەکی جوامێری دەوڵەتی ئەیوبی بوو لە شام ، ئەو دەوڵەتەی لە میصر دامەزرا و پاشان گەیشتە شام و حیجاز و یەمەن و بەشەکانی تری جیهانی ئیسلامی ، بەڵام ئەگەر گەڕانێك بکەین بە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەم کەسایەتییە مێژوو زوڵمی لێکردوە و پەراوێزخراوە.

لە دوای مردنی نورەدین مەحمود لەساڵی (570ک) ناصرەدین لە میصرەوە گەڕاوەتەوە بۆ شام و شاری حمصی وەرگرتەوە، کە پێشتر موڵکی باوکی بوو، لە ڕاستیدا جێگەی باوکی گرتبووەوە لە

جوامێری و بەخشندەییدا ونازناوی (الملك القاهر)یان پێداوە ، ئەم سیفەتانەش وای کردبوو ببێتە جێگەی ڕەزامەندی هەمووان، لە خەلیفە و گشت میر و سەرکردە و تەنانەت خودی صەلاحەدینیش .

ناصرەدین سەرکردەیەکی چاونەترس بووە، هاوکارییەکی زۆری صەلاحەدینی کردووە لە چالاکییە سەربازییەکاندا لە پارستن و بەدەیهێنانی یەکپارچەیی شام و هەروەها لە گرتنی موصڵیشدا ، لەبەر لێهاتوویییەکەی زۆرێك لە شاعیران هۆنراوەیان پیا هەڵداوە وەك عیماد ئەصفەهانی، کە باس لە ئازایەتی دەکات لە کاتە سەختەکاندا، هەروەها ئەم کەسایەتییە سیفاتی جوانی تریشی هەبووە، وەك بەخشندەیی بەرامبەر زانا و شاعیران و شایستەکان، ئەم جوامێرە هەمیشە شانازیی بە خۆیەوە کردووە، ئەوەی جێگەی سەرەنجە هەمیشە خۆی لە ئاستی صەلاحەدین دا بینیوەتەوە ، بگرە زۆر جار خۆی لەویش بە پێشتر زانیوە لە دەسەڵاتدا بۆیە هەمیشە بەرامبەرەکەی بە وریاییەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵکردوە.

ناصرەدین لە ساڵی (581ك)دا کۆچی دوایی کردوە و لە سەرمردنەکەشی ڕای جیاواز هەیە ، (ست شام)ی خێزانی، کە خوشکی صەلاحەدینە تەرمەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ شاری دیمەشق و لەوێ لە خاکی تایبەتی خۆیان دەینێژێت . دوای خۆی ئەسەدەدین شێرکۆی کوڕی جێگەی دەگرێتەوە .

## باسی یەکەم : ناصرەدین محمد کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆ (م ٥٨١ ك / ١١٨٥ ز)

سەرچاوەکانی مێژوو ئاماژە بەوە دەکەن, کە دوای مردنی ئەسەدەدین شێرکۆ تەنها کوڕێکی وەك میراتگری دەسەڵاتەکەی لەدوا بەجێماوە, کە ئەویش ناوی (ناصرەدین محەمەد) بووە و بە مەلیك قاهر (الملك القاهر ) ناسرابوو (الذهبي , 1985 , ج3 : 43) , (ابن خلكان , 1978م , ج2 : 480) , (محي الدين , 2003م : 38). لە دوای مردنی ئەسەدەدین شێرکۆ لە ساڵی (٥٦٤ ك) ڕاستەوخۆ ناصرەدین محەمەدی کوڕی لە لایەن نورەدین مەحمودەوە کرا بە دەسەڵاتداری ناوچەکانی (حمص و ڕەحبە), کە پێشتر باوکی دەسەڵاتداری ئەو ناوچانە بوو . بەڵام دوای چەند مانگێک نورەدین محمود هەموو ئەو ناوچانەی لێ وەرگرتەوە و بەخشی بە ( ئەمیر فەخرەدین مەسعود زەعفەرانی) , لەبەرامبەردا ناوچەکانی ( عين تاب و تل باشر)ی وەکو قەرەبووی ئەو ناوچانە پێبەخشی . بەڵام دوای ماوەیەک ئەو ناوچانەشی لێ وەرگرتەوە و بەخشی بە (ئیسماعیل خەزنەدار) .( (ابي شامة , 2002م , ج2 : 78) , (ابن شداد ، 1991م ، ج1 ، ق1 : 110) , (زكي , 1947م : 156) .

ناصرەدین خاوەن کەسایەتیەکی بەرز و ئازا و سەرکردەیەکی جوامێر و بوێر بووە, کە مێژوونوسان بە ئازایەتی و چاونەترسی ستایشیان کردووە , بە جۆرێک, کە لە ئازایەتیدا بەهاوشێوەی باوکی باسکراوە . هەروەها صەلاحەدینی ئامۆزاشی هەمیشە ڕێزی لێگرتووە , دەوترێ ناصرەدین محەمەد هەمیشە خۆی لە صەڵاحەدین بە شایستەتر زانیوە بۆ ئەوەی جێگەی باوکی بگرێتەوە و ببێتە دەسەڵاتداری ئەیوبییەکان , هەربۆیە دەڵێن صلاح الدين تا ڕادەیەک لێی ترساوە و حیسابی تایبەتی بۆ کردووە (الصفدي , 2000م , ج3 : 127) , (الترمانيني , 1994م : 564).

هەرچەندە نورەدین مەحمود ئەو ناوچانەشی لێوەرگرتەوە , بەڵام لە ئەرك دووری نەختسبووە، و لەبەر ئازایەتی و لێهاتووەیەکەی زۆر جار ئەرکی گرنگی پێ سپاردووە , ئەوەتا عیماد ئەصفەهانی نوسەر دەگێڕێتەوە, کە ڕۆژێک لە ساڵی (٥٦٦ ک) نورەدین مەحمود بانگی کردم, کە نامەیەک بە ناوی ئەوەوە بنوسم و ببیەم بۆ دیوانی خەلافەت لە بەغداد , دەڵێت منیش داوام لە ناصرەدین محەمەد کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆ کرد کە هەندێک سەربازمان لەگەڵدا بنێرێت بە مەبەستی پاراستنمان , وەڵێ ناصرەدین خۆی تا ڕەحبە لەگەڵمان هات لەوە بەدوا ئەوەی ویستمان بۆی جێبەجێکردین و ڕۆشتین بۆ دیوانی خەلافەت و بە سەلامەتی گەڕاینەوە. (ابي شامة , 2002م , ج2 : 110 ) ، ( البنداري ، 1979م : 272) , کە ئەمەش نیشانە و بەڵگەی ئازایەتی ناصرەدینە، ئەوە دەسەلمێنێ, کە نورەدین مەحمود سوودی لە توانا و ئازەیەتیەکەی وەرگرتووە، ئەگینا ناکرێ ئەرکی پاراستنی وەفدێکی وا گرنگ بە کەسانی ئاسایی بسپێردرێ , ئەمەش مانایی ئەوەیە، کە لە ڕووی ئازایەتیەوە ناصرەدین کەسێکی تایبەت بووە لای نورەدین.

ناصرەدین جگە لەوەی هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە لایەن نورەدین مەحمودەوە لێ وەرگیرایەوە و هەستی بەوەش دەکرد، کە لە لایەن نورەدین محمودەوە خراوەتە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆوە , چونکە نورەدین خستبوویە ریز ئەفسەرانی سوپاوە . ئەمەش ناصرەدینی زۆر بێزار کردبوو و لە بارودۆخێکی خراپدا بوو , چونکە نەیدەتوانی هیچ ئەرکێکی سەربەخۆ بەجێبگەیەنێت یان یارمەتی سەربازەکانی بدات لەبەرئەوەی ئەمیر بێ ئەمارە دەسەڵاتی جێگیر نەدەبوو , هەمیشە چاوی لە دەستی گەورەکەی بوو . بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناصرەدین هەوڵی داوە ئەوە بسەلمێنێت کە شایستەی نازناوەکەیەتی (الملک القاهر) , و هەمیشە لەبەر چاوی خەڵک بە بەهێز و شکۆوە دەردەکەوت . (الحايك ، 2000م : 94).

یەکێکی تر لە سیفاتەکانی ناصرەدین محەمەد ئەوە بووە کە کەسێکی بەخشندە و میهرەبان بووە و لە بەخشین دەست بڵاو بووە، بەتایبەتی بەرامبەر زانا و شاعیران و زۆر جار یارمەتی و

بەخشیشی شاعیرانی کردووە , هەر بۆیە (حسان بن نمیر) شاعیری دیار و ناوداری عەرەب لە چەند شوێنێك لە دیوانەکەیدا بە شیعر ستایشی ناصرەدینی کردووە و لێرەدا بە شعرێکی درێژ ستایشی دەکات و دەڵێ :

أمالي على الاحباب يا سعد مسعد ... ولا منجد لما أغاروا و أنجدوا

عذرت العذاري في صدودي و لم اقل ... خليلي لم حظي من البيض أسود

(بن نمير ، ١٩٩٢م : ٢٨_٣٠)

دوای ئەو بارودۆخە قورسەی کە بەسەر ناصرەدیندا هات لە شام لەدوای وەرگرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و هەروەها چاودێریکردنی لە لایەن نورەدین مەحمودەوە , ناصرەدین هەستی کرد, کە پێویستە شام بەجێبهێڵێت و وەکو ئەندامانی تری بنەماڵەکەی بەرەو میصر کۆچبکات, کە لەوکاتەدا زۆربەیان لە میصر بوون, بەڵام نازانرێ ناصرەدین لە چ ساڵێکدا ڕۆشتووە بۆ میصر, ئەوەندەی هەیە تا ساڵی (٥٦٦ ک) لە شام بووە , و لەساڵی (٥٦٩ ک) لە میصر بووە، بە بەڵگەی ئەوەی (ئەسەدەدین شێرکۆ)ی کوڕی لەو ساڵەدا لە میصر لە دایک بووە. (ابن الفوطي , 2003م : 116), (الحايك ، 2011م : 70) , (البنداري ، 1979م : 49) ، (ابي شامة , 2002م , ج2 : 110) .

### باسی دووەم : هەوڵەکانی ناصرەدین بۆ دەسەڵات:

کەسایەتی ناصرەدین بەجۆرێک بووە زۆر حەزی بە دەسەڵات بووە و هەوڵیشی بۆ داوە و هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووە, هەرکاتێک بارودۆخ لەبار بێت خەونەکەی بهێنێتە دی, هەر بۆیە صەلاح الدینی ئامۆزای زۆر ڕێزی لێگرتووە و لە هەمان کاتدا سڵیشی لێکردووەتەوە , چونکە ناصرەدین هەمیشە وتویەتی ئەو شایستەی دەسەڵاتە و دەبوایە ئەو شوێنەی صەڵاحەدین هی ئەو بووایە , ئەمەش بەر گوێی صەڵاحەدین کەوتبوو بۆیە لێی ترساوە . (ابن تغري بردي , 192م , ج6 : 91) , (الحنبلي , 1978م : 48) , ( ابن عماد , 1991م , ج6 : 447) .

جگە لە صەلاحەدین (المستضيء بالله)ی خەلیفەی عەباسیش ڕێزی لێگرتووە و وەکو سەرکردەیەکی هاوشانی صەلاحەدین تەماشای کردووە، چونکە کاتێک صەلاحەدین گەیشتە حماە نێردراوی خەلیفەی عەباسی (المستضيء بالله) گەشتە لای و دیاری و تەشریفاتی خەلافەتیان بۆ هێنابوو, لە هەمان کاتدا دیاری و تەشریفاتی خەلافەتیان بۆ ناصرەدینیش هێنا بوو , کە ئەمەش مانای داننانە بە دەسەڵاتی ناصردین محمەد, هەروەها بە شایستە زانینیەتی بۆ ئەوەی جێگەی باوکی بگرێتەوە, دەکرێت ئەمەش هۆکارێکی تری ترسی صەڵاحەدین بێت لە ناصرەدین . (البنداري ، 1979م : 88_89) . (الحايك ، 2011م : 81) .

سەرەڕای ئەمانەش ناصرەدین هەمیشە شانازی بە خۆیەوە دەکرد پێی وابوو ئەو هیچی کەمتر نیە لە صەلاحەدینی ئامۆزای , بگرە هاوشان و یەکسانی یەکترن , ئەمەش لە چەند نوسراوێکدا دەردەکەوێت, کە لە لەسەر بەردێک نوسراون و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٥٧٦ک) و لە ناصرەدین محەمەدەوە بەجێماون, کە تێیاندا ناصرەدین هەموو ملکەچیەکی صەڵاحەدین پشتگوێ دەخات و ئاماژە بە هیچ ناونیشانێکی تایبەت نادات جگە لە نازناوی تایبەتی ( سيف الامير المؤمنين) . (الحايك ، 2000م : 103) ، لەگەڵ ئەوەشدا ناصرەدین هیچ کاتێک هەوڵی ئاشکرا و زەقی نەداوە بۆ دەسەڵات , چونکە زانیویەتی ڕکابەرەکەی کێیە و چ کەسایەتیەکی بەهێز ڕووبەڕووی دەبێتەوە , کە صەڵاحەدینە چونکە سەرکەوتنەکانی و لێهاتوویەکانی وای لێکردبوو کە ببێتە پاڵەوان لەنێو خەڵکدا , بەچاوی فریاد ڕەس و کاریزما تەماشا دەکرا , خۆشەویستیەکی تەواوی لەنێو خەڵکدا پەیداکردبوو, ناصرەدینیش گەشتبوو بەو بڕوایەی ڕکابەرایەتی کردنی صەڵاحەدین کارێکی شێتانەیە، بۆیە وای بە باش دەزانی ئەو هەستی ڕکابەرییە بشارێتەوە و هەمیشە هەوڵی نزیک بوونەوەی دەدا لە صەلاحەدین لەبەر ئەم هۆکارانە :

١. نزیک بوونەوە لە صەڵاحەدین وای لێدەکرد، کە هەمیشە لە ناو جەرگەی ڕووداوەکان بێت و ئاگاداری هەر گۆڕانکارییەک بێت کە ڕوودەدات و ئامادەی هەر دەرفەتێک بێت، کە بێتە پێشەوە بۆ سەرکەوتن .

٢. چاودێریکردنی هەموو ئەو کەسانەی، کە لە صەلاحەدینەوە نزیک بوون و مەترسی بوون بۆ ئەوەی ببنە ڕێگر لە بەردەمیدا .

٣. بوونی لە نێو میر و سەرکردەکان وای لێدەکرد کە ڕێگە خۆش بکات لێیان نزیک ببێتەوە متمانەیان بەدەست بهێنێ .

٤. بۆ ئەوەی برا و کوڕەکانی صەلاحەدین لە خۆی زیاتر لە صەڵاحەدین نزیک نەبنەوە چونکە دەیزانی ئەوانیش پەرۆشی دەسەڵاتن. (الحايك ، 2011م : 83 ) .

جگە لەوانەش بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لە صەلاحەدین , ناصرەدین محەمەد خوشکێکی صەلاحەدینی مارە کردبوو کە ناوی (ست شام) بوو، کە پێشتر هاوسەری کەسێک بووە بە ناوی (عمر بن لاجين-عومەری کوڕی لاجين) . (ابن تغري بردي , 192م , ج6 : 91) , (ابن خلكان , 1978م , ج3 : 244 ) ، (الترمانيني , 1994م : 564 ) .

یەکێکی تر لە هەوڵەکانی ناصرەدین بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی زیاتر بەهێز و چەسپاوتر بکات هەوڵدان بوو بۆ دەست

بەسەرداگرتنی شاری، موصڵ کە یەکێک بوو لە خەونەکانی , ناصرەدین درکی بەوە کردبوو کە حمص و سامانەکەی و سەربازەکانی ئەو ئامانجەی ناهێنێتە دی تا بیگەیەنێتە پایەی دەسەڵات و حوکم بۆیە بیری کردەوە، کە باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی بگات بەو مەبەستەی دەستبەسەرداگرتنی شاری موصڵە, چونکە ناصرەدین لە گرنگی شاری موصڵ تێگەیشتبوو بۆ سەرخستنی پرۆژەکەی . (الحايك ، 2000م : 105 )، هەربۆیە چاوی بڕیبووە ئەو شارە و دەور و بەری و هەوڵیداوە صەلاحەدین ڕازی بکات و هێرشی بکەنە سەر و دەستی بە سەردا بگرن بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەکی زۆری تەرخان کردبوو .

کاتێک صەلاحەدین دەستی بەسەر نصێبین دا گرت , ئەمیر و سەرکردەکانی کۆکردەوە و ڕاوێژی پێ کردن، کە لە کوێوە دەست پێبکەن و هێرش بکەنە سەر چ شارێک , موصڵ یان سنجار یان جزیرەی ابن عمر , لە نێو سەرکردەکاندا بیر و بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر ئەو بابەتە , لە نێویاندا (مظفر الدين كوكبوري) خاوەنی ئەربل و ناصرەدین محەمەد پێیان باش بوو کە ڕاستەوخۆ هێرش بکەنە سەر موصڵ . دیارە لێرەدا ناصرەدین محەمەد چاوی لە داگیرکردنی موصڵ بوو هەر بۆیە پارە و سامانێکی زۆری بەخشییە صەلاحەدین و لەبەرامبەردا گفتی ئەوەی لێوەرگرت، لە دوای داگیرکردنی شارەکە، شارکە (موصل) بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. (ابن واصل , د . ت , ج2 : 119) , (محي الدين , 2009ز : 4) ، هەربۆیە صەڵاحەدین بۆچوونەکەی ناصرەدینی ئامۆزای پەسەند کرد و بڕیارياندا هێرش بۆ سەر موصل دەست پێبکەن , بەڵام صەلاحەدین سەرەتا بڕیاریدا بچێت و لە نزیکەوە بارودۆخی موصل ببینێت و هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخەکە بکات , هەر بۆیە موزەفەرەدین و ناصرەدینی ئامۆزای بانگ کرد تا لەگەڵی بن و پێکەوە بچن سەیری موصل بکەن , ئەوە بوو پێکەوە ڕۆیشتن و لە نزیکەوە بارودۆخەکەیان بەچاوی خۆیان بینی , بەڵام چ بینینێک خۆی و هاوڕێکانی سەرسام بوون کاتێک شارێکی گەورەیان بینی کە دیوارەکانی بەهێز و پڕ بوون لە پیاوانی پاسەوان و پڕ چەک , بۆیان ڕوون بووەوە کە ناتوانن بە ئاسانی دەستی بەسەردا بگرن بۆیە بە نائومێدیەوە گەڕانەوە و صەڵاحەدین ڕوویکردە ناصرەدینی ئامۆزای و وتی : (هەر کە گەڕاینەوە بۆ سەربازگەکەمان ئەو سەروەت و سامانەی کە خەرجت کردووە هەمووی ببەرەوە , ناصرەدینیش وتی ئەوەی خەرجکرا گەڕاندمەوە , چونکە ئەم وڵاتە ئەمان نیە و بەکەڵک نایە , هەروەها ڕووی کردە صلاح الدين و موزەفەرەدین و وتی : ئێوە منتان ڕاکێشا ، و بە ناڕاستەوخۆ چاوی تەماحتان بڕیوەتە سەروەت و سامانی من , من ئەگەر جگە لە ئێوە پەنام ببردایەتە کەسانی تر ئەوا کارم ئاسانتر دەبوو و ناوبانگ و شورەتم لەوەی ئێستا هەیە زیاتر دەبوو , ئەگەر بگەڕێینەوە و پاشگەز ببینەوە لەو بەڵێنەی کە دابوومان ئەو درک و تێڕییەمان نامێنێ و ناموسمان دەشکێ و سنورمان پارێزراو نابێت) . (ابن الأثير ، 2012م ، ج9 : 464 ) ، (ابن واصل , د.ت, ج2 : 119) .

دوای بێهیوا بوون لە دەست بەسەرداگرتنی موصل صەڵاحەدین وای بە باش زانی بگەڕێتەوە بۆ دیار بەکر و لە ڕێگادا ڕوویکردە سنجار , لەم کاتەدا موجاهیدەدین بە هێزێکەوە بۆ بەهاناوە چوونی فەرمانڕەوای سنجار (شرف الدين) بەڕێکەوت , بەڵام صەڵاحەدین ڕێگەی لێگرتن و لەگەڵیان بەشەڕ هات و دەستی بەسەر تەواوی کەل و پەل و هاوکارییە سەربازیەکانیاندا گرت کە بڕیار بوو بیبەن بۆ سنجار , دوای بیستنی ئەم هەواڵە فەرمانڕەوای سنجار زانی کە ناتوانێ شارەکە بپارێزێ بۆیە بڕیاریدا شارەکە بدات بەدەست صلاحەدینەوە لە بەرامبەردا داوای پاراستنی لە صەڵاحەدین کرد و ئەویش پارستنی و چووە نێو شارەکەوە و دەستی بەسەردا گرت . (ابن الأثير ، 2012م ، ج9 :466) ، (ابن خلدون ، 2000م ، ج5 : 355) .

لە نێو سەرکردە و میرەکانی دەور و بەری صەڵاحەدین دا تەنها ناصرەدین محەمەد نەبوو کە چاوی بڕیبێتە موصل , بەڵکو کەسانی تریش هەبوون بەتەمای موصڵ بوون و ئەوانیش هاوشێوەی ناصرەدین محەمەد پارەیان لەو پێناوەدا دانا بوو, لەوانەش موزەفەرەدین کوکبوری کە زاوای صەڵاحەدین بووە و خۆی خەڵکی موصل بووە , چاوی بڕیەوەتە ئەو شارە و هاوشێوەی ناصرەدین صەڵاحەدینی هانداوە تا دەستی بەسەردا بگرێت , لەم بارەوە (ابن الاثير) دەڵێت : موزەفەرەدین زوو زوو نامەی بۆ صەڵاحەدین دەنارد و هانی دەدا دەست بەسەر موصلدا بگرێت تەنانەت پەنجا هەزار دیناریشی دا بە صەڵاحەدین , بەڵام بەهۆی ئەوەی گرتنی موصل بۆ صەڵاحەدین هەروا کارێکی ئاسان نەبوو , بۆیە زۆر بێزار دەبوو بە نامەکانی موزەفەرەدین , تەنانەت کاتێک لە ساڵی ٥٨١ک بڕیاریدا دووبارە هێرش بکاتە سەر موصل هەر کە، گەیشتنە حەران دەستبەجێ موزەفەرەدینی گرت و خستیە زیندانەوە , بەڵام دواتر لەسەر داوای هەندێ لە ئەمیرەکان ئازادی کرد . (ابن الأثير ، 2012م ، ج10 : 5) ، (موكرياني : 2007 , ب3 : 303) .

ئەگەر تێبینی بکەین ناصرەدین لە زۆربەی ئەم هەڵمەتانەی صەڵاحەدین لەگەڵیدابوو و بەشداربووە , تەنانەت لە گەمارۆی دووەم و سێیەمی سەر شاری موصل لە ساڵی ٥٨١ک لەگەڵیدا بووە, و هەمیشە یەکێک بووە لە سەرکردە سەربازییەکانی سوپای صەڵاحەدین بەردەوام بە خۆی و

سوپاکەیەوە لە پێشەنگی سوپای صەلاحەدیندا بووە . (الحايك ، 2011م : 80 ) ، (محي الدين , 2009ز : 40) .

**باسی سێیەم : ڕۆڵی سەربازی ناصرەدین :**

وەك ئاشکرایە ناصرەدین محەمەد سەرکردەیەکی سەربازی لێهاتوو و بوێر و چاونەترس بووە، بەهەمان شێوەی ئەسەدەدین شێرکۆی باوکی (الصفدي, 2000م , ج3 : 128)، هەر ئەمەش وایکردبوو نورەدین مەحمود بیخاتە ڕیزی ئەفسەرانی سوپاکەیەوە هەروەك پێشتر باسمان کرد لە ساڵی (566 ك) کاتێك نوێنەری مەحمود بە سەرکردایەتی عیماد ئەصفەهانی دەچن بۆ دیوانی خەلافەتی عەباسی لە بەغداد نورەدین مەحمود داوای لە ناصرەدین محەمەد کرد پارێزگاری لەو وەفدە بکات ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئازایەتی ناصرەدین محەمەدە بە ڕادەیەك کە نورەدین هێندە متمانەی پێبووە کارێکی وا گرنگی پێ بسپێرێت(الحايك، 2000م : 94).

دوای چەند ڕۆژێك لە دەست بەسەرداگرتنی دیمەشق لەلایەن صەلاحەدینەوە لە ساڵی (570 ك) کۆمەڵێك لە سەرکردە و ئەمیرەکان گەشتنە لای و پشتگیری خۆیان بۆ دووپات کردەوە ، یەکێك لەوانە ناصرەدین محەمەد کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆ بوو، کە ئەو کاتە لە ڕەحبە بوو ، کاتێك گەشتە لای صەلاحەدین سوپایەکی سێ هەزار سەربازیشی لەگەڵ بوو ، دواتر خێوەتگەی سەربازییان لە نێوان دیمەشق و حمصدا لەسەر ڕووباری (النبك) هەڵدا ، ئینجا بەرێکەوتن بەرەو حمص و حەما و دەستیان بەسەردا گرت و دوای ئەوەش بەرە و حەلەب بەڕێ کەوتن . (ابن كثير ، 2015م ، ج14 :265 )، (زكار ، 1995 ، ج11 : 3) .

هەروەها دوای دەست بەسەرداگرتنی دیمەشق و حمص و حەما دواتریش بەعلەبەك هەر لەو ساڵەدا مەلیك صالەح داوای هاوکاری لە سەیفەدین غازی ئامۆزای کرد کە فەرمانڕەوای موصڵ بوو ، سەیفەدینیش هاوکاری بۆ نارد عیزەدین مەسعودی برای بە سوپایەکەوە نارد تا پارێزگاری لە حەلەب بکەن و نەهێڵن بکەوێتە دەست صەلاحەدین ، هەر لەو ساڵەدا سەیفەدین غازی و عیزەدین مەسعودی برای لەگەڵ عیزەدین زولفەندار سوپایان کۆکردەوە لەگەڵ سوپای حەلەب ، خۆیان ئامادەکرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی صەلاحەدین ، لەم کاتەدا صەلاحەدین نێردراوی نارد بۆ لایان داوای ڕێککەوتنی لێکردن ، چونکە نەیدەویست خوێنی موسڵمانان بە دەستی یەکتر برژێ ، چونکە ئامانجی صەلاحەدین شەڕی خاچییەکان بوو نەك شەڕی موسڵمانان لەگەڵ یەکتر ، بۆیە داوای ڕیککەوتنی لەگەڵ کردن و بەڵێنی پێدان کە حمص و حەمایان پێدەدات و لە دیمەشقیش بە ناوی مەلیك صالەحەوە حوکم دەکات بەڵام ئەوان داوای ڕەحبەیان کرد کە موڵکی ناصرەدین محەمەد بوو بۆیە صەلاحەدین بەوە ڕازی نەبوو و پێی وتن ئەوە موڵکی ئامۆزاکەیەتی چۆن داوایەکی وا خراپی لێدەکەن بەمەش ڕێککەوتن نەکرا . (ابن الأثير ، 2012م ، ج9 : 248) ، البنداری ، 1979م : 86 ) ، (علي : 1983م , ج2 : 48)

دوای ئەوەی ڕێککەوتنەکە سەری نەگرت هەردوولا دەستیان بە ئامادەسازی کرد بۆ شەڕ ، سەیفەدین سوپایەکی بە سەرکردایەتی عیزەدین مەسعودی برای نارد و لەگەڵ سوپای حەلەب یەکیان گرت و کەوتنە ڕێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی صەلاحەدین ، صەلاحەدینیش لەو کاتەدا لە حمص بوو ، ئەویش بە سوپایەکەوە بۆیان دەرچوو ، لە جێگایەك بە ناوی (قرون حماه) هەردوو سوپا بەیەك گەیشتن، سوپاکەی صەلاحەدین توانیان بەسەر سوپای حەلەب و موصڵدا سەربکەون و دەستکەوتێکی زۆریشان دەستکەوت و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی سوپای موصڵ و حەلەبیش کوژران . مەبەستمان لە باسکردنی ئەم ڕووداوە ئەوەیە ڕۆڵی ناصرەدین محەمەد بخەینە ڕوو کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەم شەڕەدا و یەکێك بووە لە سەرکردە سەربازییەکانی سوپای صەڵحەدین بە جۆرێك عیمادەدین ئەصفەهانی هۆنراوەیەکی درێژی هۆنیوەتەوە تیایدا ستایشی ئازایەتی و ڕۆڵی ناصرەدین محەمەد دەکات لەم شەڕەدا .( البنداري ، 1979م : 88) ، (ابي شامة , 2002م , ج2 : 248) ، (الذهبي , 1365ھ ، ج2 : 62 ) .

لم يخش من خطر الهوى حتى حمى ذاك القوام شبيهه الخطار

يذرى الدموع كأنهن عـــوارف لابن المملك شيركوه غزار

وەرگرتنەوەی شاری حمص لەلایەن ناصرەدین محەمەدەوە لە کاتێکدا بووە، کە صەلاحەدین سەرقاڵ بووە بە تێکچوونی بارودۆخی سیاسی شام و جزیرە،کە بە هۆی مردنی نورەدین مەحمودەوە هاتبووە ئاراوە، بۆیە صەلاحەدین لەم دۆخەدا دەبوو لە دوو قۆڵەوە بجەنگێت ، لەلایەك لەگەڵ میرەکانی حەلەب، کە لە دەوری مەلیك صالەح ئیسماعیل کوڕی نورەدین مەحمود کۆبووبوونەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، لەلایەکی تریشەوە لە قۆڵی خاچییەکان، کە بەردەوام هاوپەیمانێتیان لەگەڵ میرەکانی حەلەب دەبەست دژی صەلاحەدین بە تایبەتیش بۆ دەرکردنی ناصرەدین محەمەد بوو و گێڕانەوەی بۆ بەرەی خۆیان، چونکە ئەم شارە شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی هەبوو بۆ بنکەکانیان لە وڵاتی شام و بەتایبەتیش تەرابلس . (الجميلى ، 1976م :178) ، (محي الدين , 2009ز : 3 )

عیماد ئەصفەهانی لەبارەی ناصرەدینەوە دەڵێت : لە ساڵی (571 ك) کاتێك لە عەزاز بووین سوپای حەلەب هێرشیان کردە سەرمان هەندێك تاڵانیان برد و هەڵهاتن و هەندێك لە

سەربازانی هاوەڵمان دوایان کەوتن و سەربازێکیان بە دیل گرت و هێنایانەوە ، صەڵاحەدین فەرمانی کرد دەستی ببڕنەوە بە تۆمەتی دزیکردن ، بەڵام داوام لێکرد بەزەیی پێدا بێتەوە و لێی خۆش بێت، چونکە ئاینەکەی تۆ لەوە گەورە ترە، دەڵێت صەڵاحەدین لێی خۆش بوو بەڵام فەرمانی کرد بیخەنە زیندانەوە ، لەم کاتەدا ناصرەدین محەمەد زۆر بە تورەییەوە خۆی کرد بە ژووردا و وتی : ئەم شکستە چییە ؟ ئەگەر ئێوەش بێدەنگ بن ئەوا من بێدەنگ نابم ، هەروەها هاواری کرد و بە دەنگی بەرز وتی ئەم پیاوەتان بۆ نەکوشتووە ؟ ئەگەر نایکوژن بۆ دەستگیرتان کردووە ؟ بەڵام صەڵاحەدین ئامۆژگاری کرد و تورەییەکەی دامرکاندەوە و ئەو ئایاتەی بەسەردا خوێندەوە( وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ) , (سورة فاطر : 18) , دواتر سەربازە دیلەکەیان ئازاد کرد . (ابي شامة : 2002م , ج2 : 268 ) , (البنداري ، 1979م : 102 _103 ) ، (طباخ الحلبي ، 1988م ، ج2 : 92 ـ 93).

(إبن أبي طى) دەڵێت : دوای دەستبەسەرداگرتنی قەڵای بەزاغە و مەنبەج ،(سنان)ی فەرمانڕەوای حەشیشیەکان بۆ جاری دووەم لە ساڵی (571 ك) هەوڵی دا صەڵاحەدین بکوژێت ، بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسێکی بە جلی سەربازانی صەڵاحەدینەوە نارده ناو سوپاکەی صەڵاحەدین و چەند رۆژێك مانەوە و لە هەلێك دەگەڕان تا سوڵتان بکوژن ، تا رۆژێکیان صەڵاحەدین لە ناو رەشماڵەکەیدا دانیشتبوو و هەڵیان کوتایە سەری ، یەکێك لە حەشیشیەکان هێرشی کردە سەر صەڵاحەدین و هەوڵی دا بە چەقۆکەی دەستی لە سەری بدات بەڵام سوڵتان زەردیەی لەسەر بوو ( زەردیە جۆرێکە لە قەڵغان) وە کاتێك سوڵتان ڕووبەڕووی بووەوە کەمێك دەستی بریندار بوو و ئەوانەی لە دەوروبەری بوون خێرا چوونە نێو رەشماڵەکەوە و هەموو هێرشکەرەکانیان کوشت ، ناصرەدین محەمەدیش یەکێك بوو لەو کەسانەی، کە بەشداربوو لەو شەڕەدا و هەر زوو بە شمشێرەکەی هەڵیکوتایە سەر بکوژەکان و بە دەستی خۆی سکی یەکێکیانی هەڵدڕی وکوشتی. ( ابي شامة , 2002م , ج2 : 269 ـ 270 ) ، (طباخ الحلبي ، 1988م ، ج2 : 92 ـ 93) .

لە ساڵی (573ك) کاتێك فەرەنجەکان هێرشیان کردە سەر شاری حمص و تاڵانیان کرد و ژمارەیەك لە خەڵکی شارەکەیان کوشت و ژمارەیەکیشیان بریندار کرد و کۆمەڵێکیشیان بە دیل گرت ، لەم کاتە ناصرەدین محەمەد بەشێوەیەکی ژیرانە و بە پلانێکی سەربازی لێهاتووانەوە لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆسەی بۆ دانان و بەزمانی شمشێر وەڵامی دانەوە و لێیان هاتە دەست و ژمارەیەکی زۆری لێکوشتن و ژمارەیەکیشی لێ بەدیلگرتن ئەوەشی مابووەوە بە برینداری هەڵهاتن و هەرچی سەروەت و سامانێکیش کە تاڵانیان کردبوو لێی وەرگرتنەوە و گەڕاندییەوە بۆ خاوەنەکانیان . (الأصفهاني , 1978 , ج3 : 72 ) ، (ابن الأثير ، 2012م ، ج9 : 434 ) ، ( محی الدين : 2003م : 38 ) .

هەر بەهۆی لێهاتووییەکەیەوە صەڵاحەدین هەمیشە لە ڕووی سەربازییەوە سودی لە ناصرەدین محەمەد دەبینی و پشتی پێدەبەست و زۆر جاریش یەکێك بوو لەو سەرکردانەی کە پێشەنگی سوپای صەڵاحەدینی دەکرد و زۆر جار صەڵاحەدین بۆ کاری گرنگی سەربازی و پاراستنی ناوچەکانی ژێر دەستی ڕایدەسپارد ، ئەوەتا (ابن الاثير) دەڵێت : دوای ئەوەی صەڵاحەدین لە میصرەوە گەڕایەوە بۆ شام بە هۆی هێرشەکانی فەرەنجەکانەوە ، ناصرەدینی ئامۆزای نارد بۆ حمص و فرمانی پێکردن کە ئەو ناوچانە بپارێزن و سنورەکان تۆکمە بکەن تا لە هێرشی دوژمن پارێزراو بن . (ابن الأثير ، 2012م ، ج9 :438) ، (ابي فداء ، 1999م ، ج3 : 79 ) ، (العمري ، 2010م ، ج27 : 65 ) ، (عيسى : 1984م : 220) .

چالاکییەکی تر لەو چالاکییانەی، کە ناصرەدین محەمەد تێدا بەشدار بووە بەشداریکردنی بووە لە گەمارۆی (بيت الأحزان) دا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (574ك) ، (نوري , 1976م : 275) ، لەم گەمارۆدانەدا صەڵاحەدین سوپاکەی بە جۆرێك دابەشکرد کە لە سێ قۆڵەوە هێرش بکەن ، عیزەدین فەروخشا لە قۆڵێکەوە و صەڵاحەدین خۆشی لە قۆڵیکەوە هێرشیان دەست پێکرد، ناصرەدین محەمەدیش لە قۆڵێکی ترەوە سەرکردایەتی بەشێکی تری سوپاکەی کرد .

بێگومان ناصرەدین محەمەد لە زۆربەی هەڵمەتە سەربازییەکانی صەڵاحەدیندا بەشدار بووە بەتایبەتی لە هەموو هەڵمەتەکانی سەر شام و جزیرە و موصڵدا ، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆ و ئامۆزای صەڵاحەدین بووە ، بەڵکو لە بەر ئازایەتی و لێهاتووی خۆدی ناصرەدین بووە . (الأصفهاني , 1978 , ج3 : 187 ) ، (البنداري ، 1979م : 169) ، (زكار ، 1995 ، ج18 :360) .

لە سەرەتای ساڵی (581 ك) کاتێك صەڵاحەدین لە حەما بوو ، ئامادەکاری کرد بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم هێرش بکاتە سەر موصل , لەم هەڵمەتەشدا ناصرەدین محەمەد یەکێك بوو لە سەرکردەی سوپاکەی صەڵاحەدین هەرچەندە نەیانتوانی شارەکە بگرن ، بۆیە لە کۆتای مانگی ڕبیعوالئاخری هەمان ساڵدا هەڵمەتی سێیەمیان بۆ سەر موصڵ بە پێشڕەوی ناصرەدین محەمەدی کوڕی شێرکۆ دەست پێکرد بەبەشداری (مظفرالدين بن زين الدين) و (تقى الدين عمر) ی برازای صەڵاحەدین بەرەو خەلاط بەڕێکەوتن ، دواتر چوون بەرەو میافارقین ویستیان دەستی بەسەردا بگرن لەوکاتەدا قوتبەدینی فەرمانڕەوای مردبوو ژنەکەی کە ناوی (خاتوون) بوو لە جێگەی فەرمانڕەوایی دەکرد ، سەرکردایەتی سوپای شارەکەش

لە دەستی کەسێکدا بوو بە ناوی (اسدالدين برنقش)، کە ڕێگری لێکردن و نەیهێلا سوپاکەی صەلاحەدین بچنە نێو میافارقین، سەرەڕای ئەوەی دانیشتوانەکەشی بەرگریەکی سەختیان کرد و شەڕێکی قورس لە نێوانیان ڕویدا تەنانەت تیایدا مەنجەنیقیش بەکارهێنرا ، بەڵام دواتر (برنقش)بۆی دەرکەوت، کە ناتوانێت لە بەرگریکردن بەردەوام بێت، بۆیە داوای ڕێککەوتنی لە صەلاحەدین کرد ، لە ئەنجامدا ڕێککەوتن و صەلاحەدینیش بەڵێنی پاراستنی پێدان، هەر لەو ئەو ڕێکەوتنەشدا بڕیاری ئەوە درا، کە یەکێك لە کچەکانی (خاتوون) بۆ یەکێك لە کوڕەکانی صەلاحەدین مارە بکرێت. ئەوە بوو دوای دەست بەسەرداگرتنی میافارقین ڕێکەوتنەکە جێبەجێکرا و صەلاحەدین یەکێك لە کچەکانی خاتونی لە کوڕێکی خۆی مارە کرد. (ابن الأثير ، 2012م ، ج10 : 9) ، (ابن شاهنشاه ، 1401هـ : 217 ـ 218 ) ، ( العيني , 2010 , ج2 : 34 ـ 35 ) ، هەروەها لە بارەی هێرشی سەر میافارقین محەمەد کوڕی تەقیەدین عومەر کە ئامۆزای صەلاحەدین و ناصرەدین محەمەدیش بوو دەڵێت : کاتێك سوڵتان صەلاحەدین گەیشتە میافارقین ناصرەدین محەمەدی ئامۆزای داوای لێکرد، کە بچێتە نێو شارەکەوە، صەلاحەدینیش ڕێگەی پێدا بە سەربازەکانییەوە بچێتە نێو شارەکەوە . (ابن شاهنشاه ، 1401هـ : 219 ) .

لە دوای دەستبەسەراگرتنی خەلاط و میافارقین لە مانگی ڕەجەبدا صەلاحەدین و سوپاکەی بەرەو نصێبین بەڕێکەوتن و چەند ڕۆژێك تیایدا مانەوە، هەتا تەواوی سوپاکە گەیشت، بۆ ئەوی هێرشی سەر موصڵ دەست پێبکەن.

کاتێك لە ڕووباری دیجلە پەڕینەوە گەشتنە شوێنێك بە ناوی (کفر زمار) ، لەبەرامبەردا عیزەدین مەسعودی فەرمانڕەوای موصڵ سەرجەم دەرگاکانی شارەکەی داخست و سوپاکەی خستە ئامادە باشیەوە بۆ بەرگریکردن و پاراستنی شارەکە، بەڵام ئامادەکاریەکانی ئەمجارەی صەلاحەدین بە جۆرێك بوو کە سوپای موصڵ توانای پاراستنی شاریان نەبوو ، صەلاحەدین لە نزیکەوە چاودێری شاری موصڵی دەکرد وە کاتێك گەیشتنە نزیکی شارەکە ، ئەمجارەیان عیزەدین مەسعود داوای ڕێککەوتنی لەگەڵ صەلاحەدین کرد و ژمارەیەك لە ئافرەتانی زەنگیەکانیشی لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەمیرەکاندا نارد بۆ لای صەڵاحەدین ، بەڵام صەلاحەدین سور بوو لەسەر گەمارۆدانی موصڵ و پێی وتن : (ئەبێت لە سەر بنەمایەك ڕێکبکەوین کە تێیدا دڵ و دەروونمان ئاسودە بێت ). (ابن شاهنشاه ، 1401هـ : 223 ) ، ( العيني , 2010 , ج2 : 35 ) , (ابو حديد , 2017م : 73 ) .

بۆماوەیەك بارودۆخ بەم شێوەیە جێگیر بوو، دواتر بۆ جاری دووەم عیزەدین مەسعودی فەرمانڕەوای موصڵ داوای ڕێککەوتنی لە صەڵاحەدین کردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش عیمادەدین زەنگی برای، کە لەو سەردەمەدا فەرمانڕەوای سنجار بوو نارد بۆ لای صەلاحەدین، بۆ ئەوەی نێوەندگیری بکات، لە ئەنجامدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە لە موصڵدا بە ناوی صەڵاحەدینەوە فەرمانڕەوایی بکات و لە وتارەکانیدا ناوی صەڵاحەدین بهێنێ ، بێگومان صەڵاحەدینیش پێی باش بوو ڕێککەوتن بکرێت چونکە لە بەرژەوەندیدا بوو شاری موصڵ بەم شێوەیە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، کە چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینی، هەروەها شوێنێکی ستراتیژی گرنگی هەبوو ئەو یەکێتیەی کە صەڵاحەدین چەندین ساڵە هەوڵی بۆ دەدا بە بوونی موصڵ بەهێزتر و تۆکمەتر دەبوو . ئەوەتا ئێستا ئەو شارە بەبێ شەڕ و خوێن ڕشتن بووە بە بەشێك لە وڵاتەکەی هەر بۆیە صەڵاحەدین بە ڕێککەوتن قایل بوو لە بەرامبەردا شارەزوور بە سەرجەم شار و قەڵاکانیەوە بەخشی بە عیزەدین مەسعودی خاوەنی موصڵ، بەو مەرجەی بە ناوی صەڵاحەدینەوە فەرمانڕەوایی هەموو ئەو ناوچانە بکات ، ئەم ڕێککەوتنە لە مێژوودا بە (ڕێکەوتنامەی حەڕان)ناونراوە . (ابن الأثير ، 2012م ، ج10 : 109) ، (الحنبلي , 1978م : 115 ـ 116 ) ، ( ابن العديم ، 1968م ، ج3 : 82) .

دوای ئەوەی ڕێککەوتن کرا و عیزەدین مەسعود بڕیاریدا سەرجەم داواکاریەکانی صەڵاحەدین بەجێ بگەیەنێت وەك خوێندنەوەی ناوی صەڵاحەدین لە وتارەکاندا، هەروەها لێدانی دراو بە ناویەوە لە موصڵ و سەرجەم قەڵەم ڕەوییەکانی سەر بە موصڵ ئیدی صەڵاحەدین بەسەرکەوتویی گەڕایەوە بۆ حەڕان . (الحنبلي , 1978م : 116 ) ، ( ابن العديم ، 1968م ، ج3 : 82 ـ 83) ، (زكي , 1948م : 202 ) , (علي , 1407هـ : 123).

## باسی چوارەم : مردنی ناصرەدین محەمەد و بۆچوونەکان لە سەری مردنی:

دوای ئەوەی صەڵاحەدین توانی ئەو خەونەی بکاتە بەڕاستی لە هەڵمەتی سێیەمی بۆ سەر موصڵ توانی بە سەرکەوتوویی شارەکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بیکاتە بەشێك لەو شانشینە یەکگرتووەی کە ساڵانێك بوو عیمادەدین زەنگی و نورەدین مەحمودی کوڕی بۆیان نەکرا ، ئەم بەرەیەکی یەکگرتویی میصر و شام وجزیرە و یەمەنی دروستکرد و بۆ بەرەنگار بوونەوەی خاچییەکان ئامادە بوو.

دوای تەواو کردنی کاری موصڵ گەڕایەوە بۆ حەڕان، لە مانگی شەوالی ساڵی (581ك) توشی نەخۆشییەکی سەخت بوو بە جۆرێك هەستی کردبوو، کە ئەمە نەخۆشی مەرگێتی، مێژوو نوسان لەم بارەیەوە دەڵێن مووەکانی سەر و ڕیشی هەڵوەری بوون ، لەکاتی نەخۆش کەوتنیدا هەریەك لە مەلیك عەزیز عوسمانی کوڕی و مەلیك عادلی برای و ناصرەدین محەمەدی

ئامۆزای لە گەڵی بوون . ( ابن الأثير , 2012م , ج10 : 10) , ( ابن عماد , 1991م , ج6: 441 ) , ( العيني , 2010 , ج2 : 37 ) ، هەر کە نەخۆشییەکەی زیاتر قورس بوو ئەوانەی لە دەوروبەری بوون بێئومێد بوون لێی و لەو بڕوایەدا نەبوون کە جارێکی تر بتوانێت لە سەر پێیەکانی خۆی بووەستێتەوە و سەرکردایەتییان بکات ، هەر بۆیە چەند کەسێك لە بنەماڵەکەی کەوتنە جموجۆڵ بە ئاراستەی وەرگرتنی دەسەڵات لەنێویاندا (مەلیك عادلی برای و تەقیەدین عومەری برازای و ناصرەدین محەمەدی ئامۆزای) ، صەلاحەدین خۆی وەسییەتی کردبوو، کە عەزیز عوسمانی کوڕی لە جێگەی دابنرێت ، لەو لاشەوە کۆمەڵێك لە میرەکان بەڵێنیان بە عادلی برای دابوو، کە لە دوای مردنی صەلاحەدین پشتگیری لێبکەن، هەروەها تەقیەدین عومەری برازاشی،کە جیگری صەلاحەدین بوو لە میصر کەوتە هەڵدان بۆ ئەوەی دوای مردنی مامی میصر بۆ خۆی دابڕێت . لەم نێوەندەشدا ناصرەدین محەمەدیش بە خۆ کەوت و هەستی کرد ئەمە ئەو دەرفەتەیە کە چەندین ساڵە بە دوایدا وێڵە، هەرکە زانی نەخۆشییەکەی صەلاحەدین قورسە و ئەگەری چاکبوونەوەی مەحاڵە، بۆیە دەست بەجێ حەرانی بە جێهێشت و گەڕایەوە بۆ حمص ، و لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بە حەلەبدا تێپەڕی و دەوترێت پارەیەکی زۆری داوەتە میرەکانی حەلەب و لە بەرانبەردا ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان پێداوە لە دوای مردنی صەلاحەدین پشتگیری لێبکەن تا ببێتە سوڵتانی ئەیوبییەکان . ( ابن العديم ، 1968م ، ج3 : 37 ) ، ( النويري ، 2004م ، ج28 : 259) ، کە ناصرەدین خۆی بە خاوەنی شەرعی ئەو پۆستە دەزانی و زۆر جار ئەوی دووپات کردبووەوە کە ئەوە مافی ئەوە نەك صەلاحەدین . کاتێك گەیشتە حمص کۆمەڵێك لە میر و سەرکردەکانی دیمەشق خۆیان گەیاندە لای و بەڵێنی ئەوەیان پێدا لە ئەگەری مردنی صەلاحەدیندا ئەوا ئەوان پشتگیری لێدەکەن بۆ جێگەکەی ، بەم شێوەیە ناصرەدین لە حمص دانیشت و چاوەڕێی گەیشتنی هەواڵی مەرگی صەلاحەدین بوو تا ئاواتە لە مێژینەکەی بە دی بێت، کە سالانێك بوو خەونی پێوە دەبینی و هەستی دەکرد وا خەریکە ئەو خۆرە هەڵدێت ، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەواڵی چاکبوونەوەی صەلاحەدینی لە نەخۆشییەکەی پێگەیشت ، ناصرەدین محەمەد بە بیستنی ئەم هەواڵە تووشی شۆکبوو، چونکە ئەو چاوەڕوانی مردنی بوو کەچی ئێستا هەواڵی پێچەوانە دەبیستێت .(ابن الأثير , 2012م , ج10 : 10 ) , ( ابن العديم ، 1968م ، ج3 : 83 ) ، (عیسی : 1984م : 220) .

لە دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە چاکبوونەوەی صەلاحەدین لە نەخۆشییەکەی لە ڕۆژی (9ی ذی الحجةی ساڵی 581ك) و لە شەوی جەژنی قورباندا بە شێوەیەکی کوتوپڕ و تەم و مژاوی ناصرەدین محەمەدی کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆ کۆچی دوایی کرد . ( ابي شامة , 2002م , ج2 : 153 ) ، ( النويري : 2004م ، ج28: 259 ) ، ( ابن سباط ، 1993م : 171) .

مردنی ناصرەدین محەمەد ئاوا بە کوتوپڕی و بەخێرایی هەروا بە ڕوداوێکی ئاسایی دانانرێت، لە نێو مێژوونوساندا لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، چونکە ئەوان پێیان وابوو ئەم ڕوداوە لەم کات و بارودۆخە سیاسیە ئاڵۆزەدا جێگەی گومان و تێڕامانە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەمووان چاوەڕێی مردنی صەلاحەدین بوون ، و ناصرەدین محەمەدیش یەکێک بوو لەوان، ولە حمص چاوەڕێی مردنی صەلاحەدینی دەکرد تا بچێتە جێگاکەی ، کەچی بارودۆخەکە پێچەوانە بووەوە و ناصرەدین محەمەد مرد و صەلاحەدینیش چاك بووەوە ، بێگومان ئەم بارودۆخە تەمومژ و ئاڵۆزە دەرگای کۆمەڵێك پرسیار دەکاتەوە ( الحايك ، 2000م : 106 ـ 107 ) ، کە پێویستە لە سەری بووەستین و بە دوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێین ، چونکە مێژوونوسانی هاوسەردەم و نوێش بە گومانەوە دەڕواننە ئەم ڕوداوەو زۆرێکیان بە مردنێکی ئاسایی نازانن ، لە نێو خۆیان دا بۆ چەند گروپێك دابەش بوون و هەر گروپێك بە جۆرێك لە ڕوداوەکە دەڕوانن و شیکردنەوەی جیاوازی بۆ دەکەن . (عیسی : 1984م : 220 )

ئێمەش بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان و تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکان هەوڵ دەدەین باس لە چونێتی و هۆکاری مردنی ناصرەدین محەمەد بکەین ، بۆیە لێرەدا سەرەتا پۆلێنی مێژوونوسان دەکەین بە پێی بۆچوونەکانیان کە دابەش بوون بەسەر دوو گروپدا :

گروپی یەکەم / بە شێکی مێژوونوسان پێیان وایە مردنێکی ئاسایی بووە و دەڵێن ناصرەدین بە شێوەیەکی کوتوپڕ مردووە و بێ ئەوەی باسی هیچ هۆکارێك بکەن ، بۆ نمونە عیماد ئەصفەهانی دەڵێت لە ڕۆژی 9ی ذی الحجة ناصرەدین محەمەد کۆچی دوایی کرد ، بە بێ هیچ نەخۆشییەك کە هەستی پێبکرێت . هەروەها ئیبن شەداد دەڵێت کاتێك صەلاحەدین لە حەڕان بوو هێشتا لە نەخۆشییەکەی بەتەواوی چاك نەبووەوە هەواڵی مردنی ناصرەدین محەمەدی ئامۆزای پێگەیشت ، بێئەوەی باسی هیچ هۆکارێك بکات . دوای ئەوانیش هەریەکە لە (ابي شامة و ابن كثير و ابن عماد و الدوادري) بە هەمان شێوە لە باسی مردنی ناصرەدین محەمەدا باسی هیچ هۆکارێك ناکەن ، جگە لەمانەیش محەمەدی کوڕی تەقیەدین عومەر کە باوکی ئامۆزای ناصرەدین محەمەدیشە بە هەمان شێوە هیچ هۆکارێکی نەنوسیوە تەنها ئاماژەی بە ڕیکەوتی مردنەکەی کردووە ، ( ابي شامة , 2002م , ج2 : 153 ) ، ( الدوادري ، 1972 ،ج7 : 80 ) ، (ابن كثير ، 2015م ، ج14 : 330 ) ،(ابن شاهنشاه ، 1401ھ : 228 ) .

گروپی دووەم / ئەم گروپەی مێژوونوسان بە هەمان شێوە پێیان وایە مردنەکەی بەشێوەیەکی کوتوپڕ بووە ، بەڵام ئەمانیش لە نێو خۆیاندا دابەش دەبن بۆ سەر دوو کۆمەڵ و هەریەکەیان هۆکاری جیاواز باس دەکەن :

بەشێکیان پێیان وایە بە هۆی لە ڕادەبەدەر خواردنەوەی شەرابەوە کۆچی دوایی کردوە . ( ابن الأثیر ، 2012م ، ج10 : 10 ) ، ( ابن عماد ، 1991م ، ج6 : 447 ) ، ( ابن سباط ، 1992م : 171 ) . بەشێکی ترلە مێژوو نووسان پەنجەی تۆمەت بۆ صەڵاحەدین درێژ دەکەن و تۆمەتباری دەکەن بە کوشتنی ناصرەدین محەمەد، باس لەوەش دەکرێ، کە صەڵاحەدین کەسێکی ناردووە بۆ حمص ئەو شەوە لەگەڵ ناصرەدین بووە و سەرخۆشی کردوە و دواتر ژەهر خواردی کردووە و بەو هۆیەوە مردووە ، لەم باسەشدا (ابن الاثیر) پێشەنگی سەرجەم ئەو مێژووە نوسانەیە و دەڵێت : صەڵاحەدین کەسێکی بە ناوی (ناصح بن العمید) کە خەڵکی دیمەشق بووە ناردوە بۆ حمص و ناصرەدینی سەرخۆش کردووە و دواتر ژەهری پێداوە و بەو هۆیەوە مردووە ، هەرکە ڕۆژ بووەتەوە ناصح دیار نەماوە ، کاتێك پرسیاری لەبارەوە کراوە و وتراوە هەر ئەو شەوە گەیشتوەتە لای صەڵاحەدین یان وتراوە بۆ بەیانیەکەی لای صەڵاحەدین هەمان کەس بینراوە . ( ابن سبط ، 1993م : 428 ) ، (الجمیلي ، 1976م : 180-181 ) ، (عیسی : 1984م : 220) .

لێرەدا دەبێت ئێمە لەبارەی ئەو هۆکارانەی باس لە مردنی ناصرەدین محەمەد دەکەن لێکۆڵینەوە بکەین ، سەرەتا هۆکاری خواردنەوەی زۆری شەراب ، کە بە بۆچوونی ئێمە ناکرێ خواردنەوەی شەراب ببێتە هۆی مردنی کەسێك ، دەکرێ ئەمە تۆمەتێك بێت هەڵواسرابێت بۆ ناصرەدین محەمەد ئیتر ئەگەر هۆکاری هەڵبەستنی ئەم تۆمەتە هەرچی بێت ئایا تەنها بۆچوونە یان داپۆشینی هۆکاری تری مردنیەتی بۆ نمونە لابردنی تۆمەتبار کردنی صەلاحەدین بێت یان بۆ ناشیرین کردنی ناصرەدین محەمەد بێت ، ئەویش بە پشت بەستن بەوەی لە هیچ دەقێکدا باس لە خواردنەوە و ئەو ڕەفتارانەی ناصرەدین نەکراوە ، بەڵام باسی کەسایەتی تری ئەیوبییەکان کراوە بە نمونە (مەلیك موعیز ئیسماعیل) فەرمانڕەوای یەمەن .

سەرەڕای ئەوەش، ناکرێت خواردنەوەی مەی و شەراب کەسێکی پێگەیشتوو بکوژێت ، ئەگەر ناصرەدین ئاڵودە بوو بێت بە مەی خواردنەوە ئەوا مەی کەسی ئاڵودە ناکوژێت ، هەرچەندە ناصرەدین ئاڵودە نەبووە بە مەی هەر وەك پێشتر باسمان کرد کە لە هیچ سەرچاوەیەك ئەوەی نەسلمێنراوە کە ناصرەدین ئاڵودەی مەی بوو بێت سەرباری ئەمەش گونجاو نیە بۆ پیاوێکی بەهێزی وەك ناصرەدین کە زۆربەی مێژوونوسان بە ئازا و بوێر و جەنگاوەر ستایشیان کردوە ناکرێ ئەم سەرکردە ئازایە بیر لە خۆ کوشتن بکاتەوە ئەمە هەرگیز لەگەڵ کەسایەتی سەرکردە یەکناگرنەوە چ جای ناصرەدین کە ویستویەتی ببێتە کەسی یەکەمی ئەیوبییەکان ( (الحنبلي , 1978م : 48 ) ، (ابن تغري بردي , 1992م , ج6: 91) .

هەروەها ئەگەر ناصرەدین ئاڵودەی مەی خواردنەوە نەبوبێت ئەوا بیرۆکەیەکی وای بۆ نەدەهات کە بیر لە خواردنەوەی مەی بکاتەوە تاکو بمرێ (الحایك ، 2011م : 86) . بەڵام بابەتی ژەهر خواردنەکە ئەوا زۆرێك لە مێژوونوسان بڕوایان وایە کە ژەهر خوارد کراوە ، لەوانە : (ابن الاثیر، ابن خلدون ، ابن تغري بردي ، احمد الحنبلي) تەنانەت مێژوونوسان حەنبەلی و ئیبن تغری بردی ئاماژە بەوە دەکەن کە دوای مردنی ناصرەدین گۆشتی لاشەی شیبووەتەوە ، وەك ئاماژەیەك بۆ ژەهر خوارد کردنی ، هەروەها دەشڵێن وتراوە ژەهر خوارد کراوە ( ابن الأثیر ، 2012م ، ج10 : 10 ) ، (الحنبلي , 1978م : 48)، ( ابن تغر ي بردي , 1992م ، ج6 : 91 ) . لێرەدا ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بکەین بۆ ئەو سەرچاوانەی پێمان گەیشتوون لەسەر مردنی ئەم کەسایەتیە ئەو کاتە ڕەنگە بتوانین پشتگیریەکی ڕاست دەربارەی بابەتەکە پێشکەش بکەین ، سەرەتا دەڵێین هەوڵەکانی ناصرەدین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هۆکارێك بووە بۆ ئەوی مێژوونووسان صەڵاحەدین لە پشت کوشتنی ناصرەدینەوە تاوانبار بکەن ، تەنانەت ابن الأثیر دەڵێت لە دوای مردنی ناصرەدین هەرچی سەروەت و سامانێك بۆی شێرکۆی کوڕی بە جێمابوو صەڵاحەدین هەمووی لێی زەوتکردووە و زۆربەی بردووە و ئەوەشی سوودی بۆی نەبووە بە جێی هێشتووە ( ابن الأثیر ، 2012م ، ج10 : 10 ) ، ( محي الدین : 2009 م : 6) .

هەر لەم بارەیەوە ، ئیبن الاثیر زیاتر بەڵگە دەخاتە ڕوو دەڵێت دوای ساڵێك لە مردنی ناصرەدین ، شێرکۆی کوڕی دەچێتە دیمەشق و دەچێتە لای صەڵاحەدین ، صەلاحەدین لێی دەپرسێت لە قورئان بە کوێ گەیشتوی ؟ شێرکۆش لە وەڵامدا دەڵێت : گەیشتومەتە ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت :( إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا) (سورة نساء : 10) ، صەڵاحەدین و ئەوانەشی لەگەڵی بوون سەریان سوورما لە زیرەکی شێرکۆ ( ابن الأثیر ، 2012م ، ج10 : 10 ) ، (عیسی : 1984م : 221 ) ، (محي الدین : 2009 م : 6) ، دوای ابن الاثیر کۆمەڵێکی تر لە مێژوونوسان ئەم گێڕانەوەیەیان لێوەرگرتووە وەك (ابی الفدا ، ابن الوردی ، ابی المحاسن ، ابن خلدون) و ئەوانیش دەڵێن ناصرەدین ژەهرخوارد کراوە .

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە مێژوونوسان صەڵاحەدین بە تاوانبار و هۆکاری مردنی ناصرەدین محەمەد نازانن و پێیان

وانیە کە صەڵاحەدین کوشتبێتی و تەنانەت ئەو باسانەی سەرەوە بە هەڵبەستراو و تۆمەت خستنە پاڵ صەڵاحەدین لە قەڵەم دەدەن و بەڵکو ئەوان پێیان وایە کە ناصرەدین محەمەد بە نەخۆشی مردووە ، و دەڵێن ئەوە لە رەوشتی صەڵاحەدینەوە دوورە کە رکابەرەکانی بکوژێت ئەو تەنانەت دیلەکانی دوژمنی نەکوشتووە ئیتر چۆن زاوا و کورە مامی خۆی بکوژێ ؟ لێرەوە پێویستە ئەو بەڵگانە بخەینەروو کە لەو بارەوە هەن .

لێرەدا گێڕانەوەیەکی مێژوونوس (ابي شامة) دەخەینە روو کە تیایدا باسی : نامەیەکی قاضی فاضڵ دەکات کە بۆ تەقیەدینی ناردوە و باس لە کات و چۆنیەتی مردنی ناصرەدین دەکات، کە لە نامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە نەشێوێنرێ و بە جۆرێکی تر باس نەکرێ بۆیە دەست و بردم کرد لە گەیاندنی و ئاگادارکردنەوەی بەرێزتان و ئەم دەستپێشخەرییەم کرد ، هەر چەندە هەواڵێکی ناخۆشە و ناخۆشیشە دەست پێشخەری بە هەواڵی ناخۆش بکرێت بەڵام ئەمە پێویست بوو . ئەگەر تێبینی بکەین لێرەدا قاضی فاضڵ دەڵێت بۆ ئەوەی هەواڵەك نەشێوێنرێ و بە جۆرێکی تر باس نەکرێت بۆیە دەستپێشخەریم کرد ، کەواتە ئەگەین بەو راستییە کە مردنی ناصرەدین لەو کاتەدا رووداوێکی ئاسایی نەبووە و دیارە گومان و قسە و قسەڵۆك بڵاو کراوەتەوە و کە سانێك تاوانبار کراون، ( ابي شامة , 2002م , ج3 : 160 ) ، ( زكار ، 1995م ، 18 : 520 ) .

سەبارەت بەوەی، کە دەوترێ صەڵاحەدین ناصرەدینی لەبەر ئەوە کوشتووە، چونکە کاتێك نەخۆش بووە لە حەران ، ناصرەدین هەوڵی سەربەخۆیی داوە ، ئەوە دەتوانین بڵێین تەنها ناصرەدین نەبووە ئەو کارەی کردبێت ، ئەوەتا سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، کە تەقیەدین عومەری برازاشی فرمانڕەوای حەما ، لەو کاتەدا کە صەڵاحەدین نەخۆش بووە ئەو لە میصر بووە و هەوڵی داوە میصر دابڕێ بۆ خۆی ، دەبینین کاتێك صەڵاحەدین لە نەخۆشیەکەی چاك بووەتەوە ، نەیکوشتووە بەڵکو تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی دووری خستووەتەوە و دوای ماوەیەك گەڕاندویەتیەوە و کردوویەتی بە فەرمانڕەوای حەما ( ابن الأثير ، 2012م ، ج10 : 10 ) ، ( ابن العديم ، 1968م ، ج3 : 85)، ( محي الدين : 2009 م : 7 ) .

جگە لە تەقیەدین عومەریش عادل ئەبوبەکری برای صەڵاحەدینیش هەوڵی داوە ئەمیرەکان رازی بکات بۆ ئەوەی دوای صەڵاحەدین بچێتە جێگەکەی ، بەڵام صەڵاحەدین هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر نەبووە ، تەنها ئەوە نەبێت کە حەلەبی لێوەرگرتووەتەوە و داویەتی بە (الملك الظاهر)ی کوڕی و لە بەرامبەردا حەڕان و رووهای پێداوە ( ابن سباط ، 1993م : 172 ) ، ( ابن العديم ، 1968م ، ج3 : 89) ، ( الحايك ، 2000م : 109) .

سەبارەت بە دەست بەسەرداگرتنی موڵك و سەروەت و سامانی ئەسەدەدین شێرکۆی کوڕی ناصرەدین ئەوا دەوترێ صەڵاحەدین مەبەستی پاراستنی بووە، چونکە لەو کاتەدا شێرکۆی کوڕی ناصرەدین تەمەنی تەنها (12 ساڵ) بووە ، بۆیە صەڵاحەدین لەوە ترساوە کە نەتوانێ پارێزگاری لێبکات، لێرەدا (ابي شامة) دەڵێت : کاتێ هەواڵی مردنی ناصرەدین بڵاو بووەوە ئەسەدەدین بووە بە جێگری باوکی ، بەهۆی ئەوەی شێرکۆ هێشتا تەمەنی کەم بووە ، صەڵاحەدین ترسی لەوە هەبووە نەتوانێ دەوڵەتەکە بپارێزێت و ناڕەزایی لە بارەی سەروەت و سامانەکەی دەربڕا لە ترسی ئەوەی کە نەتوانێت بیپارێزێت بۆیە صەڵاحەدین فرمانی کرد بە جێبەجێکردنی فرمانەکانی کە خۆی لە پاراستنی ئەو سەروەت و سامانە دەبینیوە ، دەوترێ ناصرەدین محەمەد دوای مردنی سەروەت و سامانێکی زۆری بەجێهێشتووە کە پێکهاتووە لە پارە و دراو ئەسپ و ئامێری تر ، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە ئەو پارانەی ناصرەدین لە دوای خۆی بەجێهێشتووە زیاتر بووە، لە هەزار هەزار دینار (یەك ملیۆن) ( الذهبي , 1365هـ ، ج2 : 67 ) , ( العيني , 2010 , ج2 : 42 ) , ( نامق , 2016م : 30 ) .

(ابي شامة) لە عیماد ئەصفەهانیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت : عیماد دەڵێت کاتێك گەشتینە حمص لە دوای مردنی ناصرەدین صەڵاحەدین فرمانی کرد سەروەت و سامانەکەی دابەش بکەین بەسەر میراتگرەکانی ، دەڵێ ئێمەش هەشت یەکی ماڵ و سامانەکەیمان دا بە (ست شام)ی خێزانی و ئەوەشی مایەوە لە نێوان و کوڕو کچەکەیدا دابەشمان کرد ، کە ناصرەدین تەنها کوڕێکی هەبوو بە ناوی شێرکۆ لەگەڵ کچێك بەناوی (سعدية خاتون) ( ابي شامة , 2002م , ج3 : 164 ) ، ( زكار ، 1995م ، ج18 : 524 - 525 ) . ناصرەدین محەمەد سەروەت و سامانێکی زۆری ، بەجێهێشتبوو کە بریتی بوو لە خشڵ و مجوهراتێکی زۆر هەروەها لەگەڵ بڕێکی زۆر پارە کە زیاتر بوو لە هەزار هەزار دینار ، هەربۆیە صەڵاحەدین فرمانی بە عادلی برای کرد کە سامانەکەی ناصرەدین دابەش بکەن بەسەر میراتگرەکانیدا کە (قاضي نجم الدين بن ابي عصرون) ئامادەی ئەو دابەشکردنە بووە (زكار ، 1995م ، ج15 :399) .

ئەم فرمانە تەنها بۆ موڵك و ماڵی ئەسەدەدین شێرکۆ نەبووە ، بەڵکو بۆ سەروەت و سامانەکەی (عصمة الدين بنت معين الدين آنر- خاتون) یش کە هاوسەری صەڵاحەدین بووە، کە لە دوای خۆی سەروەت و سامانێکی زۆری بەجێ هێشتبوو، کە خۆی دەبینیەوە لە کەلەپور و کەل و پەلی ناو ماڵە و شت و مەکی تری گرانبەها . دوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نوسراوێکی بۆ ئەسەدەدین شێرکۆی کوڕی ناصرەدین بەجێهێشت کە ئەمە دەقەکەیەتی : (قد عرفنا المصاب بوالده رحمه الله , و عظم أجرنا وأجره فيه ، وإن مضي لسبيله فولدنا أسدالدين – أحياء

الله – نعم الخلف الصالح , وإن انتقل والده إلى دار البقاء , فهو في مكانه المستقر من المجد والعلاء , والولايات و البلاد و المعاقل باقية عليه , مسلمة اليه , مقرر في يديه , وما مضي من والده رحمه الله إلا عينه , وولدنا قرة العيون , و به استقرار السكون , و الحمدلله الذي جبر به كسر المصاب , و ألبسنا و إياه ثوب الثواب , فليشرح ولدنا صدره , ولا يشغل سره , و يعرف خواصه و أصحابه , و ولاته و نوابه بحمص والرحبة و غيرهما أنهم باقون على عادتهم) . ( ابي شامة , 2002م , ج3 : 160 ) ، ( زكار ، 1995م ، ج18 : 520 ـ 521 ) ، بۆیە دەکرێ بوترێ تاوانبارکردنی صەڵاحەدین بە کوشتنی ئامۆزاکەی ئاوا بە زەقی لەلایەن (ابن الاثیر)ەوە ڕەنگە پەیوەست بێت بە جۆرێك ڕق و کینەی (ابن الاثیر) بەرامبەر صەڵاحەدین، بەهۆی ئەو گەمارۆ و هێرشانەی صەڵاحەدین بۆ سەر موصڵ و کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی ئەتابەگیەی زەنگی، چونکە ابن الاثیر خەڵکی موصڵ بووە و پەیوەندییەکی باشی هەبووە بە میرەکانی ئەم دەوڵەتەوە ( محيي الدين ، 2009 م : 7 ). بەڵام هەندێك لە مێژوونوسان دەڵێن ناکرێ صەڵاحەدین ئامۆزای خۆی ژەهرخوارد بکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەگەڕێننەوە:

1. ژەهر خواردکردن کارێکە دوورە لە ڕەوشتی صەڵاحەدینەوە ، نە لە پێش مردنی ناصرەدین محەمەد و نە لە دوای مردنیشی ژەهر خوارد کردن دوورترین کار بووە لە صەڵاحەدینەوە .
2. هەوڵدانی ناصرەدین بۆسەربەخۆیی لە کاتی نەخۆش کەوتنی صەڵاحەدین ، هاوشێوەی مەلیك عادلی برای و تەقیەدینی برازای صەڵاحەدین بووە کەچی صەڵاحەدین نەیکوشتوون و تەنانەت هیچ توند و تیژییەکی نەنواندووە بەرامبەریان (الجميلي ، 1976م : 183 ) ، ( الحايك ، 2011م : 86 ـ 87 ) .
3. هەروەك ابن شداد ئاماژەی پێدەکات کاتێك ناصرەدین محەمەد کۆچی دوایی کرد، صەڵاحەدین لە حەڕان بوو ، هێشتا بە تەواوی لە نەخۆشیەکەی چاك نەبووەوە، ئەی چۆن دەبێت کەسێك کە لەسەرە مەرگدا بێت و پلانی کوشتنی کەسێکی دی دابنێت ، یاخود چۆن توانی ئاوا بە زوویی پلانی کوشتنەکە دابنێت مەگەر پێشتر دارێژرابێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی صەڵاحەدین تەنانەت نەیتوانیوە بەشداری پرسەکەشی بێت، بۆیە مەلیك عادلی برای بۆ بەشداریکردن لە پرسەکە ڕاسپاردووە، بۆیە مەلیك عادلیش چووەتە حمص وبەشداری پرسەکەی کردووە (ابن شداد ، 1994م : 120 ) .

سەرباری هەموو ئەمانەش لەسەر ئەم ڕووداوە کۆمەڵێك پرسیار دروست دەبێ کە وەڵامدانەوەیان زەحمەتە یاخود وەڵامێکی یەکلایی کەرەوەیان نیە لەوانەش:

أ. ناصرەدین محەمەد چۆن بە دۆستایەتی کەسێکی متمانەپێنەکراوی وەك (ناصح بن عميد) ڕازی دەبێ ، بەجۆرێك هێندە لێی نزیك بێتەوە و بێتە نێو کۆشکەکەی ؟

ب. ناصح چۆن توانی لە نێو کەس و کارەکەی و کۆشکەکەی ناصرەدین ژەهر خواردی بکات ؟

ت. ئەی چۆن توانی ئاوا بە ئاسانی لە کۆشکەکەی ناصرەدین محەمەد هەڵبێت بەبێ ئەوەی گومانی لێبکرێت؟

د. کێ هەواڵی هەڵاتنی (ناصح)ی بۆ لای صەڵاحەدین ئاوا بە زوویی ڕاگەیاند؟ کە دەڵێن بەیانیی پرسیار دەربارەی کراوە وتراوە لای صەڵاحەدین بینراوە !!

ج. جگە لە (ابن الاثیر) هیچ کەسێکی تر باسی (ناصح بن عميد) ناکات ، ئەوانەی لە دوای ئەوەوە باس دەکەن هەواڵەکەیان لە (ابن الاثیر)ەوە وەرگرتووە و گواستویانەتەوە ، ئەمەش پرسیارە و جێگەی گومانە ( الحايك ، 2011م : 109 ـ 110 ) .

ئەگەر تێبینی ئەو بۆچوونەی ابن الاثیر بکەین لە بارەی (ناصح بن عميد) ەوە، دەبینین ئەویش زۆر دڵنیا نەبووە لە بوونی ئەو کەسایەتیە ، ئەویش وشەی (يقال)ی بەکارهێناوە، کە ئەمیش مانای وایە ئەویش دڵنیا نەبووە بۆیە دەڵێت (وتراوە کەسێك بەناوی ناصح کوڕی عميد) ژەهری داوە بە ناصرەدین، بەڵام لە بارەی ژەهر خواردکردنییەوە زیاتر دڵنیایە ( ابن الأثير ، 2012م ، ج10 : 10 ) ، ( نامق ، 2016ز : 13) . بێگومان ئەم ڕووداوەش پێچەوانەی کاری صەڵاحەدین بووە، چونکە کەسێکی دنیانەویست بووە و دوور بووە لە خراپەکاری، و هیچ کاتێك لەگەڵ خزم و کەس و کارەکەی هێندە توند نەبووە، کە سزایان بدات، چ جا ئەوەی لەنێویانبەرێت! ، بگرە زۆر کەس و کارەکەی خۆی خۆشویستووە و هەمیشە لە دەوری خۆی کۆی کردونەتەوە ، دەبینین لە ساڵی (583 ك ) دوای مردنی ناصرەدین لە کاتی بینینی شێرکۆی کوڕیدا دوعای بۆ دەکات و دەڵێت : (خودایە ئەسەدەدین شێرکۆی کوڕمان بپارێزە و ساڵەحی بکە) ( ابي شامة , 2002م , ج3 : 160 ) ، ( زكار ، 1995م ، ج18 : 520) .

جگە لەمانەش سەبارەت بە وەی گوایە صەڵاحەدین دەستی بەسەر سەروەت و سامانەکەی ناصرەدین محەمەددا گرتووە بەشێك لە مێژوو نوسان دەڵێن ئەوە تۆمەتە تۆمەتە بۆ سەڵاحەدین هەڵبەستراوە، چونکە صەڵاحەدین کەسێکی ئەوەندە دنیا ویست و تەماحکار نەبووە و جگە لەوەش صەڵاحەدین

چەندین وڵاتی دەوڵەمەندی لە ژێر دەستدا بووە وەکو ( میصر و شام و یەمەن و جزیرە) بۆیە هیچ پێوستی بە سەروەت و سامانی ناصرەدین محەمەد نەبووە، وە ئەگەر واش بێت و بردبێتی ئەوە مەبەست لێ پاراستنی بووە وەك پێشتر باسمان کرد، چونکە شێرکۆی کوڕی ناصرەدین محەمەد هێشتا منداڵ بووە و تەمەنی لە 12 ساڵ تێپەڕی نەکردووە لە کاتی مردنی باوکیدا، وەك ئاشکراشە کە حمص و ناوچەکانی ژێر دەستی نزیك بوونە لە خاچییەکانەوە ، چونکە مەترسی هێرشی خاچییەکان لەسەر بووە ( ابی شامة , 2002م , ج3 : 160 ) ، ( زكار ، 1995م ، ج18 : 520 ) ، ( نامق ، 2016ز : 85) .

هەر ابن الاثیر خۆی باس لە مردنی صەڵاحەدین دەکات و دەڵێت کاتێك کۆچی دوایی کرد تەنها یەك دیناری سوری و چل درهەمی ناصریەی پێ بووە ، هەروەها جەلالەدین سیوطیش دەڵێت : یەك دینار و سی درهەمی لەدوا بەجێماوە ، عیماد ئەصفەهانیش ئاماژە بەوە دەکات کە صەڵاحەدین لە دوای مردنی تەنها یەك دینار و سی و شەش درهەمی لێبەجێماوە ( الأصفهاني ، 2004م : 327 ) (( ابن الأثير ، 2012م ، ج10 : 119 ) ، (سيوطي ، 2003م : 356) .

ماوەتەوە ئەوە بڵێین، کە ناصرەدین محەمەد لە دوای خۆی کوڕ و کچێکی بە ناوەکانی (شێرکو) و (سعدیە خاتون)ەوە بە جێهێشتووە، تەرمەکەشی لە لایەن (ست شام)ی خێزانیەوە گوازرایەوە بۆ شاری دیمەشق لە ( مدرسة الشامية الجوانية) لە پاڵ گۆڕی تورانشای برای بە خاکی سپارد( الذهبي , 1365ھ ، ج2 : 67 ) ، ( الصويركي , 2006م : 607 ) .

## ئەنجام :

لەپاش نوسینی ئەم توێژینەوەیە و خوێندنەوە و گەڕان بە نێو سەرچاوەکانی مێژوودا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

1- ناکرێت هەموو مێژووی ئەیوبییەکان تەنها بە صەڵاحەدینەوە وابەستە بکەین، چونکە لەو خێزانەدا کەسانی لێهاتوو بەتوانای تریش هەبوون کە هەوڵی ئەو پێگەیان داوە ، ناصرەدین محەمەد بە نمونە .

2- ناصرەدین خۆی بە شیاوتر لە صەڵاحەدین زانیوە بۆ دەسەڵات ، خۆیشی ئەوەی درکاندوە، کە ئەمەش بەرگوێی صەڵاحەدین کەوتووە .

3- ناصرەدین بەشداری زۆربەی هەڵمەتە سەربازییەکانی صەڵاحەدینی کردووە و زۆرجاریش سەرکردەی سوپای صەڵاحەدین بووە و لە هەرسێ هەڵمەتەکەی سەر شاری موصڵ بەشدار بووە و تەنانەت پارەیەکی زۆری بەخشیوە بە صەڵاحەدین بۆ ئەوەی موصڵی پێبدات، لە کاتی دەسبەسەراگرتنیدا.

4- ناصرەدین یەکێك بووە لەو سەرکردانەی کە دەوترێت صەڵاحەدین لێی ترساوە .

5- ناصرەدین هەوڵی بۆ دەسەڵات داوە ، بە تایبەت ئەوکاتەی صەڵاحەدین نەخۆش بووە، بۆیە بەڵێنی لە ئەمیر و سەرکردەکانی حمص و بەشێك لە دیمەشقییەکان وەرگرتبوو بۆ ئەوەی پشتگیری بکەن .

6- مردنی ناصرەدین یەکێکە لەو ڕوداوە تەمومژاوییەکانی مێژووی ئەیوبییەکان، چونکە بەشێك لە مێژوونوسان صەڵاحەدین بە کوشتنی تۆمار دەکەن .

7- لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بڕوامان وایە کەناکرێت صەڵاحەدین ئەوی کوشتبێت، ئەمەش لەبەر نەبوونی بەڵگەیەکی یەکلایی کەرەوە، هەروەها صەلاحەدین نە پێشتر و نە دواتریش هیچ کەسێکی لە نزیکەکانی خۆی نەکوشتووە ، چ جا ئەوەی، کە ناصرەدین بکوژێت کە هەم ئامۆزای و هەم زاواشی بوو .

## سەرچاوەکان:


1- ابن الأثير ، عزالدين ابي الحسن بن ابي الكرم محمد بن محمد ابي عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني : ,(2012م) , **الكامل في التأريـخ** ، ج9وج10 , تحقيق : (الدكتور عمر عبدالسلام تدمري) , (د . ت ) ، دارالكتب العربي , بيروت .

2- الأصفهاني ، عماد الدين ابو حامد محمد بن محمد الاصفهانى ،(1987م) ، **البرق الشامي** ، ج3 ، ط1 ، تحقيق : (د . فالح حسين ) ، مؤسسة عبدالحميد شومان ، الاردن،.

3- الأصفهاني ، عماد الدين ابو حامد محمد بن محمد الاصفهانى ،(2004م ) ، **الفتح القسي في الفتح القدسي = حروب صلاح الدين و فتح بيت المقدس** , ط1, دار المنار, القاهرة .

4- ابن تغري بردي , جمال الدين ابي المحاسن يوسف بن تغري بردي الأتابكى ،(1992م) ، **النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة** ، ج6 , ط1 ، دارالكتب العلمية, بيروت .

5- الحلبي ، محمد بن علي العظيمي الحلبي, (1984م) **, تاريـخ الحلب** , تحقيق : ابراهيم زعرور ، دمشق .

6- الحنبلي ، احمد بن ابراهيم بن نصرالله الحنبلي , ( 1978م)**, شفاء القلوب في مناقب بني ايوب** ، تحقيق : (ناظم رشيد), وزارة الثقافة, بغداد .

7- ابن خلدون ، عبدالرحمن بن خلدون ، (2000م) , **تاريـخ ابن خلدون** ، ج5 , مراجعة : (د.سهيل زكار), دارالفكر, بيروت .

8- ابن خلكان ، احمد بن محمد بن ابراهيم بن ابي بكر بن خلكان البرمكي الإربلي ، 1978م **، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان** , ج2 وج3 , تحقيق : (د. احسان عباس) ، دارالصادر، بيروت**.**

9- الدواداري ، ابو بكربن عبدالله بن ايبك الدواداري , (1972م) , **كنز الدر و جامع** الغرر, تحقيق : (د. سعيد عبدالفتاح عاشور), المعهد الماني للاثار, القاهرة .

10- الذهبي , الإمام شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي , **العبر في خبر من غبر** , ( 1985م) ، ج3 ، ط1 , تحقيق : (ابوهاجر محمد السعيد بن بسيوني زغلول), دارالكتب العلمية ، بيروت.

11- الذهبي , الإمام شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي , **كتاب دول الأسلام** , (1918م) ، الطبعة الثانية, مطبعة جمعية دائرةالمعارف العثمانية، (حيدرآباد ، الدكن ) .

12- ابن سباط ، حمزة بن احمد بن عمر , (1993م) **, تاريخ ابن سباط ,** ج1، ط1 ، تحقيق : (عمر عبدالسلام تدمري ) ، جروس برس، طرابلس.

13- سيوطي , جلال الدين عبدالرحمن , ( 2003م) , **تاريخ الخلفاء** , ط1, دار ابن حزم, بيروت .

14- ابن شاهنشاه ، محمد بن تقي الدين عمر بن شاهنشاه الأيوبي ، صاحب حماة , (1968م) ، **مضمار الحقائق و سر الخلائق** ، تحقيق : (الدكتور حسن حبشي ), عالم الكتب, القاهرة .

15- ابي شامة ، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي , (2002م) **, الروضتين في الاخبار الدولتين النورية و الصلاحية** , ج2وج3 , ط1 ، دارالكتب العلمية, بيروت .

16- ابن شداد : عزالدين ابن شداد : ابوالمحاسن يوسف بن رافع بن تميم بن عتبة الأسدي الموصلي , (1994م) , **النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية او سيرة صلاح الدين الأيوبي** , تحقيق : (الدكتور جمال الدين الشيال) , ط2, مطبعة الخانجي, قاهرة .

17- ابن شداد , محمد بن علي بن ابراهيم , (1991م) , **الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام و الجزيرة** , ج1 , ق1، تحقيق : (يحيى زكريا عبارة), وزارة الثقافة,دمشق .

18- الصفدي , صلاح الدين خليل بن ايبك الصفدي , (2000م) , **الوافي بالوفيات** , ج3 , ط1, تحقيق : (احمد الارناوط و تركي مصطفى), دارالتراث العربي, بيروت .

19- إبن العماد : الإمام شهاب الدين ابي الفلاح عبدالحي بن احمد بن محمد العكري الحنبلي الدمشقي ، (1992م) , **شذرات الذهب في أخبار من ذهب** , ج6 , ط1 , تحقيق : (محمود الأرناوط), دار ابن كثير، بيروت.

20- ابن العديم : كمال الدين ابي القاسم عمر بن بن أحمد بن هبة الله ، (1968م ) ، **زبدة الحلب من تاريخ حلب** تحقيق : (ساهي دهان) ، الطبعة الأولى ، المطبعة الكاثوليكية , بيروت .

21- العيني , بدرالدين محمود العيني ، (2010م) ، **عقدالجمان في تاريخ اهل الزمان عصر الأيوبي** , ج2 , ط2 , تحقيق: (د.محمود رزق محمود), دار الكنب والوثائق القومية , القاهرة .

22- ابي الفداء , الملك مؤيدعماد الدين إسماعيل ابن علي , (1999م) , **المختصر في أخبار البشر** , ج3 , تحقيق: (الدكتور محمد زينهم محمد و يحيى سيد حسين), دار المعارف , القاهرة .

23- ابن الفرات ، ناصر الدين محمد بن عبدالرحيم (ت : 1969م) ، **تاريخ ابن الفرات** , ج3، مج4 ، دارالطباعة الحديثة، بصرة.

24- العمري , شهاب الدين احمد بن يحيى ابن فضل الله , (2010م) , **مسالك الابصار وممالك الأمصار** , ج27 ، ط1 , تحقيق : (مهدي النجم), دارالكتب العلمية، بيروت .

25- ابن الفوطي , كمال الدين ابي الفضل عبد الرزاق بن احمد الشيباني البغدادي , (2003م) ، **الحوادث الجامة والتجارب النافعة في المائة السابعة** , ط1 , تحقيق : (مهدي النجم) ، دارالكتب العلمية، بيروت .

26- ابن كثير , عماد الدين اسماعيل بن عمربن كثير القرشي الشافعي , (2015م) , **البداية والنهاية** ،ج14 , تحقيق : (د . رياض عبدالحميد مراد) ، طبعة خاصة بوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية, دولة قطر .

27- بن نمير , حسان , (1992م) , **ديوان عرقلة الكلبي** , تحقيق : (احمد الجندي), دار الصادر, بيروت .

28- النويري , شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب , (2004م) , **نهاية الأرب في فنون الأدب** , ج28-29 , ط1, تحقيق : (الدكتور نجيب مصطفى فواز و الدكتورة حكمت كشلي فواز), دارالكتب العلمية, بيروت .

29- ابن واصل , جمال الدين محمد بن سالم بن واصل , (د . ت ) , **مفرج الكروب في اخبار بني ايوب** , ج2 , تحقيق:(الدكتور جمال الدين الشيال) ، مصر .

30- اسعد , الخوري عيسى , (1984م) , **تاريخ حمص من ظهور الأسلام حتي يومنا 622 – 1977م** ، ط1, مطرانية الأرثذوكسة، حمص .

31- الترمانيني , الدكتور عبدالسلام , (1994م ) , **احداث تاريخ الإسلام بترتيب السنين** , ط1, برقيا طلاسدار، دمشق .

32- الحايك , منذر, (2011م) , **العصر الأيوبي قرن من الصراعات الداخلية** ، ط1 ، دار الصفحات للدراسات والنشر, دمشق.

33- الحايك , منذر, (2000م) , **مملكة حمص في العصر الأيوبي 563 – 662هـ** ، ط1 ، دارطلاس, دمشق .

34- حسين , حمودي عبدالمنعم محمد , (2000م ) **, دراسات في تاريخ الأيوبيين والممالك**, دارالمعرفة الجامعية, مصر .

35- زكار, سهيل, (1995م)**, الموسوعة الشاملة في التاريخ الحروب الصليبية**, ج11 و ج15 و ج18 ، دارالفكر, دمشق.

36- زكي , محمد امين , (1984م) , **تاريخ دول و الامارات الكردية في العهد الاسلامي** , ترجمة : (محمد علي عوني), مطبعة السعادة , مصر .

37- زكي , محمد امين **,** (1945م) **, مشاهير الكرد و كردستان في دور الأسلامي** , ترجمة : (سانحة زكي بك ), مطبعة التفيظ الأهلي, بغداد .

38- الطباخ الحلبي , محمد راغب , (1988م) , **اعلام النبلاء بتاريخ الشهباء** , تحقيق :( محمد كمال) ، ط2 , دارالقلم العربي, حلب .

39- علي , وفاء محمد , (1407هـ) , **قيام الدوله الايوبيه فى مصر و الشام** ، ط1, دارالفكرالعربي,القاهرة .

40- محي الدين , عطا عبدالرحمن , (2003ز) , **ئەسەدەدین شێرکۆ مامی صەلاحەدین ژیاننامە و رۆڵی لە شەڕی خاچپیەکاندا** ، چ1 ، ناوەندی رۆشنبیر، سلێمانی .

41- موکریانی ، حوسێن حوزنی ، (2007ز) **، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی ، ئاورێکی پاشەوە** ، ب3 ، چ1 ، دەزگای ئاراس، هەولێر .

42- نامق ، سامان ، (2016ز) ، **ژنخوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا** ، چ1 ، چاپخانەی نارین، هەولێر .

43- محي الدين , عطا عبدالرحمن **،** (2009ز) ، **نەوەکانی شێرکۆ لە وڵاتی شام** ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی B- زانستە مرۆڤایەتییەکان ، ژ25 .

44- الجميلي , رشيد عبدالله , (1976م) , **حمص في عصر الامراء الايوبين** , مجلة مؤرخ العربي , الأتحاد المؤرخين العرب في الجمهرية العراق ، بغداد , العدد 10 .

❖ **الرسائل الاكاديمية:**

45- نوري : دريد عبدالقادر , (1976م) , **سياسة صلاح الدين الأيوبي في بلاد مصر والشام والجزيرة570-589هـ** ، رسالة ماجستير, مطبعة الأرشاد, بغداد .